مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية (20) العدد الثاني – الجزء الاول – ايلول 2025

Kirkuk University Journal of Humanities Studies

مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية

https://kujhs.uokirkuk.edu.iq

*DOI: 10.32894/1992-1179.2025.158393.1166*

**Date of research received 18/03/2025, Revise date 26/04/2025 and accepted date 05/05/2025**

# Reflection of mental conflict in Bakhtiar Ali's novel (Palace of Sad Birds)

**Avin Abdulqadir Khalifa**

**Assit. Prof. Kwestan Jamal Salam**

## Abstract

This research is entitled Reflection and perception of psychological conflict in Bakhtiar Alis' Novel(palace of sad Birds) ,it is one of the author'S novels that goes into the political and social conflicts and obvious problems of Kurdish society,which consists of two parts we have already explained the causes of mental conflict.In the second section ,we have discussed the types of mental conflict.In the second part,we have introduced the novel.we will discuss the refection of mental conflict in the novel in practical way zrawa points out that because wars and events have a bad psychological impact on individuals in any society and makes them try to escape from the reality and environment of their society khanaker is committed to confronting war and violence with the principle of respect,love and tolerance.He tries not to kill the animals anymore and not to hurt each other,Live together in a spirit of love and coexistence.Finally ,we have presented some results of our research and then a list of sources.

**Kywords:** novel ,war, psychological Struggle, Life .

# انعكاس الصراع النفسي في رواية بختيار علي (قصر الطيور الحزينة)

**افين عبد القادر خليفه**[1]

**ا.م. كويستان جمال سلام**[2]

## الملخص

عنوان هذا البحث:انعكاس الصراع النفسي في رواية بختيار علي(قصر الطيور الحزينة)، تعتبر هذه الرواية من الروايات التي يدخل فيها المؤلف في الصراعات السياسية و الاجتماعية والمشاكل الواضحة التي يعاني منها

[1] جامعة جرمو، كلية التربية، قسم اللغة الكردية avin.abdulqadir@chu.edu.iq

[2] جامعة السليمانية، كلية التربية الأساسية، قسم اللغة الكردية Kwestan.salam@univsul.edu.iq

المجتمع الكردي ويتكون من الفصلين:الفصل الأول يحتوي علي ثلاثة مواضيع لقد ركزنا في المبحث الأول علي مفهوم وتعريف الصراع النفسي،ثم قمنا في المبحث الثاني بسرد أسباب الصراع النفسي،وفي المبحث الثالث تناولنا أنواع الصراع النفسي.وفي الفصل الثاني قدمنا الرواية،ومن الناحية العملية سنناقش انعكاس الصراع النفسي في الرواية،قصر الطيور الحزينة هي رواية مبنية على الصراع،ويبين كيف أن الحروب والأحداث لها تأثير نفسي سلبي على الأفراد في أي مجتمع،ويجعله يحاول الهروب من واقع وبيئة مجتمعه،والنتيجة هي شخص غريب ومتمرد يفكر بشكل مختلف عن أي شخص عادي،وهي تبذل قصارى جهدها لمواجهة الحرب والعنف،وتحمل رسالة الاحترام والمحبة والتسامح،يحاول منع الناس من قتل وإيذاء بعضهم البعض،نعيش معا بروح المحبة والتعايش،وأخيرانعرض بعض النتائج للدراسة ثم قائمة المصادر.

**الكلمات المفتاحية:** الرواية،الحرب،الصراع النفسي،الحياة.

# ڕەنگدانەوەی ململانێی دەروونی لە ڕۆمانی (کۆشکی باڵندە غەمگینەکان)ی بەختیار عەلی دا

**ئەڤین عبدالقادر خلیفە**

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی ڕەنگدانەوەی ململانێی دەروونی لە ڕۆمانی (کۆشکی باڵندە غەمگینەکان)ی بەختیار عەلی یە ،یەکێکە لەو ڕۆمانانەی نوسەر کە زۆر بەوردی دەچێتە ناو ملمانێی سیاسی و کۆمەلآیەتی و کێشە دیارەکانی کۆمەڵگەی کوردی،کە لە دووبەش پێکهاتووە ،لە بەشی یەکەمدا سێ تەوەرخراوەتە ڕوو، لە تەوەری یەکەمدا تیشکمان خستۆتە سەر چەمک و پێناسەی ململانێی دەروونی و پاشان لە تەوەری دووەمدا هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ململانێی دەروونیمان خستۆتە ڕوو ، لەتەوەری سێیەمدا جۆرەکانی ململانێی دەروونیمان باسکردووە،لەبەشی دووەمدا ڕۆمانەکەمان ناساندووە، بە شێوەیەکی پراکتیکی باس لە ڕەنگدانەوەی ململانێی دەروونی لە ڕۆمانەکەدا دەکەین ، ڕۆمانی کۆشکی باڵندە غەمگینەکان، ڕۆمانێکە لەسەر بنەمای ململانێ دامەزراوە،ئاماژە بەوە دەدات چۆن جەنگەکان،ڕووداوەکان کاریگەری دەروونی خراپ دەکاتە سەر تاکەکانی هەر کۆمەڵگەیەک و وای لێدەکات هەوڵی ڕاکردن لە واقیع و ژینگەی کۆمەڵگاکەی بدات،سەرئەنجام تاکێکی نامۆو یاخی دروستدەبێت کە جیاواز لە هەرکەسێکی ئاسایی

بیردەکاتەوە بەجۆرێک هەموو هەوڵی خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی جەنگ و توندوتیژی دەخاتەگەڕ و پەیامی ڕیزگرتن و خۆشەویستی و لێبووردەیی پێیە و هەوڵدەدات مرۆڤەکان چیتر یەک نەکوژن،ئازاری یەکتر نەدەن،بەگیانێکی خۆشەویستی وپێکەوە ژیان لەگەڵ یەکدا بژین،لە کۆتایدا کۆمەڵیک دەرئەنجامی توێژینەوەکەمان خستۆتەڕوو پاشان لیستی سەرچاوەکان

**کلیله وشەکان:ڕۆمان،جەنگ،ململانێی دەروونی،ژیان.**

**پێشەکی:**

ڕۆمان وەک ژانرێکی هونەری و ڕەگەزێکی تازەی ئەدەبی ئەوروپایی بەگشتی و ئەدەبی کوردی بەتایبەتی بایەخی خۆی هەیە،چونکە گرنگی ڕۆمان لەوەدایە ،کە باشترین ژانەری ئەدەبیە بۆ بەرجەستەکردن و خستنەڕووی کەسانی نێو کۆمەڵ،کە سەربەچەند چین و توێژێکی جیاوازن و لە نێوانیاندا هەمیشە جۆرە ململانێیەکی شاراوە یان ئاشکرا هەیە ،لە نێو دەقی ڕۆمانی کوردیشدا ئەم دیاردەیە بەڵگەیەکی ئاشکرایە و جێگای گومان نیە،ئەم دیاردەیە لە ڕۆمانەکانی (بەختیارعەلی)شدا بەرچاودەکەوێت،گرنگی ڕۆمان لەوەدایە لە هەموو ژانرەکانی تر زیاتر بۆ ناو جیهانە پەنهانەکەی خۆی ڕاماندەکێشێت و یاری بە هەست و بیر و ئەندێشەمان دەکات،بەرەو ئاستێکی باڵاتر دەمانبات و خەیاڵ و خەونمان دەوڵەمەنتر دەکات،ڕۆمان ژیان دروستیدەکات و دایدەهێنێت،هەروەها لە خۆگرتنی کێشە لە بن نەهاتووەکانی مرۆڤە،ڕۆمانی (کۆشکی باڵندە غەمگینەکان)،مێژووی ململانێ سیاسی و بابەتی خۆشەویستی و کۆمەڵایەتی و چینەکانی کۆمەڵ و پێکدادانەکانی ساڵانی هەشتا بۆ دووهەزارەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە،نوسەر دەستدەخاتە کرۆکی کێشەو گرفتەکانی کۆمەڵگەی کوردی.

**ناونیشانی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی:ڕەنگدانەوەی ململانێی دەروونی لە ڕۆمانی (کۆشکی باڵندەغەمگینەکان)ی بەختیار عەلیە،کە تیایدا باس لە ململانێی دەروونی و هۆکارو

سەرهەڵدانی ملمانێ دەروونییەکان دەکات،چونکە ململانێکان دەووریان هەیە لەبەرەو پێشچوونی ڕووداوەکان و کاریگەریدانان لەسەر دەروونی کارەکتەرەکان.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

میتۆدی (وەسفی –شیکاری_دەروونی–)یڕەوکراوە،لەبەشی یەکەمدا بە شێوەیەکی تیۆری چەمک وهۆکاری سەرهەڵدان و جۆرەکانی ململانێی دەروونیمان باسکردووە،لەبەشی دووەمدا ڕۆمانەکەمان ناساندووەو بە پڕاکتیکی ململانێی دەروونیمان لە ڕۆمانەکەدا باسکردووە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات چەمکی ململانێی دەروونی و ڕۆڵی ڕۆماننوس لە بەرجەستەکردنی ئەم چەمکە لە ناو ڕۆمانەکەدا پیشانبدات،هەروەها شیکردنەوەی دۆخی دەروونی کارەکتەرەکان و پەیوەندییان بە ململانێکانیانەوە ڕووندەکاتەوە.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا بەرجەستەدەبێت،کەوا ململانێی کارەکتەرەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە پێشخستنی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە و مەودایەکی فراوانی داگیرکردووە،هەروەها ناوەڕۆکی ئەم ڕۆمانە هەوڵدانە بۆ دوورکەوتنەوە لە جەنگ و توندوتیژی.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە پێشەکی و دووبەش،لەبەشی یەکەمدا کە لە سێ تەوەر پێکهاتووە،لە تەوەری یەکەمدا باسمان لە چەمکی ململانێی دەروونی بەشێوەیەکی گشتی کردووە،لەتەوەری دووەمدا ئاماژەمان بە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ململانێی دەروونی کردووە،لەتەوەری سێیەمدا تیشکمان خستۆتە سەر جۆرەکانی ململانێی دەروونی،لەبەشی دووەمدا کە دوو تەوەرە،لەتەوەری یەکەمدا ئاماژە بەناساندنی ڕۆمانەکە دەدەین،لە تەوەری دووەمدا ڕەنگدانەوەی ململانێی دەروونی لە (کۆشکی

باڵندەغەمگینەکان)ی بەختیار عەلی مان بەشێوەیەکی پراکتیکی خستۆتە ڕوو،پاشان ئەنجامی سروشتی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکانمان خستۆتە ڕوو.

## بەشـــی یەکەم:تەوەری یەکەم:چـــەمکی ململانـــێ لـــە ڕووی دەروونییـــە وە،ململانێی(ناوەکی):-

"ڕەوشـی دەروونـی مـرۆڤ هەمیشـە لـە ململانێدایـە لەگـەڵ خـۆی و دواتـر لەگـەڵ کەسانی دیکە ،وەکو ئەوەی لای هەمووان ڕوونە مرۆڤ بونەوەرێکە هەم ڕەفتاری چاک و هەم ڕەفتاری خراپەشی هەیە، زۆر جار لـە کۆمەڵگـەی نـەریتیی هەمیشـە کەسـانێک لەبـەر خـاتری ڕێسـا کۆمەڵایەتیـەکان وا خۆیـان نیشـاندەدەن کـە مرۆڤێکی باشـن و یـاخود چاکە خـوازن بـەڵام لـە کاتێکدا کـە دەرفـەتێکیان بـۆ دێتـە پـێش ئـەوا گـوێ بـە لایـەنی دەروونـە کۆمەڵایـەتیەکـەیان نـادەن، بـەرەو (حـەزە سروشـتی و ئـاژەڵییەکەی) هـەنگاو دەنێت، ئەمـە ئـەوەمان پێدەڵێت، کـە مـرۆڤ لەیـەک کاتـدا هـەم ئـەهلی چاکەیـە و هـەمیش ئـەهلی خراپـە، کاتێک بە کەسێکی باش دەبینرێت کە زیاتر پابەندی لایەنی ڕێسـا کۆمەڵایەتیەکـەی کۆمـەڵگا بێت ، پێچەوانەکەی لایەنی دەروونیە سروشتیەکەیەتی کە تیایدا ئارەزووە خۆ ویستیەکەی دەیجووڵێنێت" . ( سەعدی ، 2019 ،parwarda.net@posts )

( د. علی کەمال)بۆ پێناسەی ململانێی دەروونی دەڵێت:"ململانێی دەروونـی ئـەو ناکۆکییـەیە کە لـە نێوان ئارەزووەکـانی تـاک و مۆتیـڤ و غـەریزە بنچینەییـەکانی لەلایـەک و لـەنێوان پێوەرە نەرێنییە کۆمەڵایەتیەکان و ڕەوشت و کەسایەتی لە لایـەکی تـرەوە ڕوودەدات ، ئـەو ململانەیـەش تـا ڕادەیـەک هۆشـمەندانەیە یـان هەمـە لایەنـە ،ململانێـی دەروونـی نـا ئاگـایی بایەخدار ترە لە گەشە پێکردنی کەسێتی "(کمال ، 1988 ، 69)

بە پێی ئەم بۆچوونە ململانێی دەروونی ناکۆکی نێوان ئارەزووەکانی تاک و پێوەرو نەریتە کۆمەڵایەتیەکان و ڕەوشتی تاکە ،کە هەر یەکەیان بە ئاڕاستەی جیاواز لـەوەی دیکـە دەجووڵێتەوە .

ململانـێ و بنـەما دەروونییـەکان کـە بـە ئینگلیـزی" Confilct and the ) ( psychological،بە عـەرەبی ( الصـراع مبدأ النفسـية )یە ،هیچ ڕەفتـار و بیرکردنـەوە و هەڵچونێک بەبێ بنەما و پاڵنەری دەروونی نابێت،ململانێش وەکو دیاردەیـەکی (کۆمەڵایـەتی

_دەروونی) بنەمای دەروونی خۆی هەیە، لەبەر ئەوە ئەگەر بمانەوێت بە سەرکەوتووانە مامەڵەی لەگەڵبکەین دەبێت دەستنیشانی پێکهاتە و هۆکار و سەرچاوەکانی سەرهەڵدانی بکەین، ململانێی ناوەکی ململانێی مرۆڤە لەگەڵ خودی خۆی و حەز و ئارەزووەکانیەتی،بۆیە دەبینین ململانێ پەیوەندی بە ژینگەی دەروونی و جۆری کەسایەتی تاکەکانی کۆمەڵگەوە هەیە ،کە دەبنە پاڵنەر و داینەمۆی دروستکردن و بەردەوام بوونی ململانێکە، واتە کاتێک ململانێ لە نێوان دوو کەس یان دوو ڕێکخراو یان دوو کۆمەڵ دروستدەبێت بێگومان هۆکاری سەرەکیی ململانێکانی نێوانیان پەیوەستە بە جۆری بیرکردنەوە و ئەو بەها و نەریتە کۆمەڵایەتیانەی کەهەر لایەک بڕوای پێیەتی"( ئەحمەد ، 2023، https:\\ zaniary.com ).

ململانێی دەروونی بە گشتی "بە شڵەژانی ناوەوەی تاک و ململانێ لەگەڵ خودی خۆیدا ناو دەبرێت". ( قلمامی ، 2015 ، 104 )

فشارە دەروونیەکان بەپێی هەلومەرج و کاتەکان و چەند هۆکارێک دروستدەبن ، فشاری دەروونی ئەو حاڵەتەیە کە مرۆڤ هەست بە نائاساییبوون و جیاوازی دەکات لە نێوان کەسەکاندا ، بە هۆی نامۆیی و دوورە پەرێزی و دابڕان لە ژینگەی کۆمەڵایەتی ، هەندێکجار کەسی تووشبوو هەست بە بوونی نامۆیی دەکات،بەڵام ناتوانێت بە سەر هەستەکانی خۆیدا زاڵبێت ،جاری واش هەیە کەسی تووش بوو لەو حاڵەتە وا هەستدەکات،کە خۆی ڕاستە و دەورووبەری ناڕاستن،بۆیە (سیگمۆندفرۆید)دەڵێت:( فشارە دەرونیەکان مرۆڤ لە کەسێکی دڵخۆشەوە دەگۆڕن بۆ کەسی بێزارو و بێدەنگ ) ئەم وتەیەی زانا و شارەزا و دەروونناس"فرۆید" جوانترین پێناسەیە بۆ زانین و بە ئاگابوونی فشارە دەروونیەکان، واتا فرۆید بۆ دۆخی فشارە دەروونییەکان چارەسەریش پێشنیار دەکات بەوەی کە دەڵێت:(بە ڕاستگۆیی تەواو لەگەڵ خۆیدا ڕاهێنانێکی باشە) واتا بۆ ڕزگاربوون دەبێت بە ڕاستگۆیی بڕیاری گونجاو بدەی بۆ دەرچوون لە فشارە دەروونییەکان .

## تەوەری دووەم:فاکتەرەکانی فشارە دەروونییەکان و ململانێ دەروونییەکان ئەمانەن:-

مـــرۆڤ زۆرجـــار ڕووبەڕووی دۆخێکـــی دەروونـــی نـــاخۆش دەبێـــتەوە،ئەو دۆخە دەروونیـــیەش لە ئەنجـامی پـاڵە پەســتۆکانی ژیــان و ئەو ژیــنگەیەی تێیــدایەتی ســـەرهەڵدەدات، یەکێـــک لەو دۆخە دەروونیـــانەش ئەو کێشمەکێشـــم و نـــاکۆکی و دژیەکیـــانەیە ،کە دواجـــار خـــۆی لەململانێـــی دەروونیـــدا بەرجەســـتە دەکـــات ،چەنـــدین هۆکـــار هەن وا لە مـــرۆڤ دەکەن ڕووبە ڕووی فشـــاری دەروونـــی و ململانێی دەروونی دەکەنەوە وەک:

1-" فاکتـەری جەسـتەیی : زۆر جـار نەخۆشـیەکی جەسـتەی وا دەکـات فشـار بچێتـە سـەر دەروونی تاک.

2- فاکتەری ئابووری : بە هۆی خراپی دۆخی ئابووری و بیرکردنـەوەی زۆر دروسـتدەبن یان نەبوونی کار و بژێویەکی باش.

3- فاکتەری کۆمەڵایەتی : ئەمەیان دەوروبەر دەبنە هۆکاری دروستبوونی.

4- فاکتـەری پـەروەردەیی :کە خراپـی سیسـتەمی پـەروەردە و نەخوێندنـەوەی هـەموو ڕە هەندەکانی ،فشاری دەروونی بۆ سەر تاک دروستدەکات."( ئالانی،2023، www.awene.com ).

5-" پێکهاتەکانی ئەو ژینگەیەی کە مرۆڤ تێیدا دەژیت لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونـی ئـەو پێکهاتانـە خۆیـان ململانێیـەکان دروسـتدەکەن و چارەسـەریدەکەن و کۆتـایی پێدێنن .

6-باری دەروونی تاکەکە لە کاتێک بۆ کـاتێکی تـر و ئـەو دژایەتیـەی کـە دروسـتدەبێت لـە نێوان پاڵنەرەکانی خودی تاکەکە لە کاتێکدا بۆ کاتێکیتر یان لە هەڵوێستێک بۆ هەڵوێستێکیتر جیاوازی هەیە. .

7-نەبوونی زانیاری گشتی لە بوارە جیاجیاکانی ژیان: ڕۆشنبیری گشتی ڕۆشنکەرەوەیەکە تاک بە رەو زانینی خودی خۆی و دیاریکردنی ئامانجـە گونجاوەکانی و دورخسـتەوەی لە ئامانجە شێواوەکان دەبات، ئەمەش دەبێتە هۆی تەماشـاکردنی ئـەو ئامانجـە بـە شـێوەیەکی واقیعی و نزیک لە واقیع.

8 ئاستی بڕوابوونی تاک بە خۆی: ئاستی بڕوابوونی تاک بە خۆی بناغەی سەرکەوتنەکانی بۆ دروستدەکات ، ئەگەر ڕێژەی ئەم ئاستە کەم بووەوە ،ئەوە سەرەتایەکی سەرەکی دەبێت بۆ زۆربەی کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانی" ( حسین ،2020 ، https:\\ images.app.goo.gl\\،هەمەڕەنگ)

"ململانێی دەروونی تووشبوونی کەسێکە بەو هێزە وەک یە کانەوە ، کە بۆ ئاراستەی جیاجیا پاڵی پێوە دەنێن و بە هۆیەوە تاک هەست بە بارێکی تەنگ و دڵەڕاوکێدەکات ، کە ناتوانێت یەکێک لە ئاراستەکان هەڵبژێرێت،( الخطیب و الزیادی ، 2001 ، 77 )،ململانێی دەروونی ئاماژە بەبوونی دژایەتیەک دەکات لە نێوان دووپاڵنەردا بۆ تێرکردن،ناتوانرێت هەردووکیان لەهەمان کاتدا تێر بکرێت."(*ڕۆزێنتاڵ ،2022 ، https:\\ kolbar news.com )

ململانێی دەروونی لە ڕوانگەی فسیۆلۆجی پەیوەست بە پرۆسەی گونجاندن پێناسەدەکرێت، "وەکو جەستە هەوڵدەدات وەلامدانەوە دروستبکات،کە چێژ یان ئازار بەرهەمدەهێنێت ئەم گۆڕانکارییانە لەوانەیە ئازاربەخش بن و هەندێک کاریگەری فیسۆلۆجی دروستبکەن ، ئەگەرچی ئەم کاریگەریانە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە ، بە پێی پێکهاتەی ئەو کەسایەتییە و تایبەتمەندییە دەروونیەکانی،کەلەوانی دیکە ی جیا دەکاتەوە،ئەویش جیاوازی تاکە کەسیە لە نێوان تاکەکاندا . "( ریاح ، 2012 ، 39 ) .

(بیب ماستەرسۆن، 1997 ) ( Beeb& masterson ) پێی وایە ململانێی دەروونی" کاتێک ڕوو دەدات کە تاک لە نێوان دوو هێزدا بێت پاڵی پێوە بنێت بە ئاراستەی جیاواز و دواجاریش دەبێت یەکێکیان هەڵبژێرێت، کاتێک بە رژەوەندی لەگەڵ خێزان جیاواز بێت و ئامانجەکانی جیاواز بن لە ئەوانی تر ململانێی دەروونی دروستدەبێت، کە زۆر جار لە ئەنجامی پشت گوێخستن ،لە دەستدان، یان نەگەیشتن بە ئامانج و تێرنەکردنی پێداویستیەکان کێبرکێ یان بێزاری یان گرژی و فشارە دەروونیەکان، کە پەیوەندی بە ئەزموونی پێشوەوە هەیە کە تاک پێیدا تێپەڕ بووە.

فرۆید دەڵێت : ڕوحی مرۆڤ لە سێ سیستەم پێکدێت:-

* سۆزان ڕۆزێنتال: بزیشکێکی خانەنشینکراو و سۆسیالیستێکی کەنەدییە،خاوەنی کتێبەکانی وەکو(نەخۆش و نەخۆشتر)(2010sick and sicker) ،ومارکیسزم ودەروناسی( marxism and psychology)،2016،و عەقڵی یاخیبوو2019(Rebel minds)

( ئید ) کۆگای ئارەزوو ململانێ و  ئارەزوو پاڵنەرەکانە.

( ئیگۆ ) کە نوێنەرایەتی دابوونەریت دەکات نۆرم و قاڵبی کۆمەڵایەتی.

( سوپەرئیگۆ) نوێنەرایەتی بەها و بنەما و ئایدیاڵ وئەخلاق دەکات." ( ریاح،42،2012 )

"(مرۆڤ ) کۆمەڵێک پێداویستی حەز و ئارەزووی تایبەتی خۆی هەیە و بەردەوام هەوڵی تێرکردنیان دەدات، ئینجا لەبەر ئاڵۆزی ژیان و زۆر بوونی پێداویستی و کۆسپ و تەگەرە لە بەردەمیاندا مرۆڤ زۆر جار تووشی گرفت و ململانێی دەروونی دەبێت ،لەبەر ئەوەی دەکەوێتە نێوان دوو هێزی دژیەک کە یەکێکیان خۆی لە هێزی داب و نەریت و یاسایی کۆمەڵایەتیدا دەبینێتەوە و ئەوی تریشیان خۆی لە هێزی حەز و ئارەزوو پێداویستییە فسیۆلۆجی و غەریزەییەکاندا دەبینێتەوە، مەرجیش نییە بەردەوام مرۆڤ هەست بەو ململانێ دەروونیانە بکات، چونکە هەندێک جار ئەو ململانێیە لەبەر توندی و ترسناکی و ئازار لە ئاستی نەستیدا (اللاشعور) ڕوو دەدات و مرۆڤ درک و پەی بە پاڵنەر و جووڵێنەر و هێزەکانی ناکات، وە ئەم جۆرەیان زۆر ترسناکە، لەسەر کەسایەتی و دەروونی مرۆڤ، هەروەها چارەسەرکردنی گرفتەکان و ڕزگاربوون لە ململانێی دەروونی چەند ڕێباز و شێوازێک لە خۆی دەگرێت،یەکێکیش لەوانە بریتییە لەوەی کەمرۆڤ دەتوانێت بە شێوەی ژیرانە و مەنتیقی بیرکردنەوەی نەخشە بۆ کێشراو خۆی لەو ململانێ دەروونییە ڕزگار بکات و گرفتەکە چارەسەر بکات ، وە بڕیاری هەڵبژاردنی یەکێک لە و دوو هێزە بدات ،بەڵام جاری وا هەیە مرۆڤ ناتوانێت وا بە ئاسانی بڕیار بدات و ڕزگاری بێت بە ناچاری پەنا بۆ یەکێک یان زیاتر لە میکانیزمە دەروونیەکانی وەکو(کپ کردن ، هۆ هێنانەوە ، دەستدرێژی کردن ، گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی ،خۆخستنە شوێن ، سەرخستن ، پاشەکشێ .... هتد ) دەبات بۆ ئەوەی هەرچۆنێک بێت خۆی لەتەک ژینگەیەکەدا بسازێنێت و لەو ململانێ دەروونییە ڕزگاربیێت هەندێکجار مرۆڤ لەبەردەم گرفت و ململانێ دەروونیەکاندا چۆک دادەدات تووشی جۆرە ئیفلیجیەک دەبێت ،بۆ نمونە تووشی (هستریا )دەبێت  لەوانە کەڕی یان کوێری یان ئیفلیجی هیستری،کەلای سەرباز و جەنگاوەرەکانی پێشەوەی بەرەکانی جەنگ ڕوو دەدات."( قەرەچەتانی ، 2015، 365، 366 )

"دەروون لە زمانی عەرەبیدا دەروونە ،هەروەها ئەو هەناسەیە کە مرۆڤ هەناسەی پێدەدات پرنسیبی بیر و ژیانە."(لغینا ، 2022 ، 5 )

زۆربەی تێوررە دەروونیەکان ڕوونکردنەوەیان بۆ ململانێی دەروونی کردووە، لەوانە تێوری دەروونشیکاری فرۆید:"( ئاماژە بەوە دەدرێت کە ململانێ نا ئاگاکان مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مندالّی، جا بە هۆی سەرکوتکردنەوە بێت یان نا، وەک بنەمایەک بۆ تێکچوونە دەروونیەکان سەیریانکردووە ،تیشکیان خستووەتە سەر فێلّەکانی بەرگیریکردن و ڕۆلّی ئەوان لە ڕوو بە ڕووبوونەوەی ململانێ نا ئاگاکان، کاتێک ململانێ نا ئاگاکان زۆر بەهێز دەبن هەندێکیان بە زۆر دەچنە ناو بازنەی هۆشیاریەوە ،کە دەبێتە هۆی نیشانەکانی دەمارگیری"( الهزاع، 397،2020 ، 398 )

## تەوەری سێیەم:جۆرەکانی ململانێی دەروونی: –

ململانێ ناوەکی ( دەروونی ) : بریتییە لە ململانێ مرۆڤ ( تاک ) لەگەلّ خودی خۆی و ڕەمەک و حەز و ئارەزوەکانی، ململانێی دەروونی سێ جۆرە :

**أ**– ململانێ چوونە پێش ( إقدام إقدام ):" بریتی یە لەو جۆرە ململانێیە ی ، کە تاک دەکەوێتە نیوان دوو شت و دیاردەوە هەردووکیان خۆش و سەرنج ڕاکێشن و ئەو کەسە ناتوانێت یەکێکیان هەلّبژێرێت و ململانێکە یەکلابکاتەوە ئینجا هەتا ئەو کاتەی بڕیار دەدات وکێشە و ململانێکە یەکلادەکاتەوە ئەو کەسە لە بارێکی دەروونی گرژ و ئالّۆزدا دەژێت و بە دەست ئەو ململانێیەوە دەنالّێنێت. "( قەرە چەتانی 2005 ، 381 ،382 )

"یاخود بۆ نمونە کاتێک مرۆڤ دوو پێداویستی یان دوو پالّنەری خۆش دەبێت و گرنگیان وەک یەکن و ناتوانێت بڕیار بدات کامیان هەلّبژێرێت ،بۆ نمونە کڕینی ئۆتۆمبێل یان سەفەر بۆ دەرەوەی ولّات، کاتێک بڕیار بدات و یەکێکیان هەلّبژێرێت هەستێکی وای لا دروستدەبێت،کە وا لایەنەکەی تر باشتر بوو بۆ هەلّبژاردن ."(عزیز ، 2014 ،267)

**ب**– ململانێ پاشەکشێ – پاشەکشێ ( احجام – احجام ):" ئەو جۆرە ململانێیە بە پێچەوانەی جۆری یەکەم مرۆڤ دەکەوێتە نێوان دوو شتی زۆر ناخۆشەوە هەر کامیان هەلّبژێرێت بە زیانی تاک خۆی تەواو دەبێت ،ئینجا هەتا ئەو کاتەی بڕیار دەدات یەکیان

هەڵبژێرێت یان ململانێەکە یەکلا دەکاتەوە، ئەو کەسە لە گرژی و بارێکی دەروونی ناخۆشدا دەژێت. "( قەرە چەتانی 2005 ، 381 ،382 )

"واتا ئەم جۆرە ململانێیە کاتێک دروستدەبێت کە مرۆڤ دەکەوێتە نێوان دووهێز یان دوو پێداویستی هەردووکیان دەبنە مایەی ناخۆشی هەڵبژاردنی هەر یەکێکیان دەبێتە مایەی ئازار بۆ کەسەکە،بۆنمونە (دانانی پارە لەسەر پێچپەک، زیندانی کردن) چارەسەرکردنی ئەم جۆرە ململانیە ئاسانترە لە جۆری یەکەم ."(عزیز،2014، 267)

ج- ململانێ چوونە پێش - پاشەکشە ( إقدام - احجام ): "ئەم جۆرە ململانێیە بریتییە لەوەی کە تاک دەکەوێتە نێوان دوو هەڵبژاردەوە یەکێکیان خۆشە و تاک دە یەوێت لێی بچێتە پێشەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە داهاتوودا زیانی لێدەدات یان زیان بە هەڵبژاردن و شتەکەی دووم دەگەیەنێت ،بۆیە دەیەوێت پاشەکشە بکات، ئینجا هەتا یەکێکیان هەڵدەبژێرێت بڕیاری خۆی دەدات لە بارێکی دەروونی ئاڵۆزدا دەژێت و بە دەست ململانێەوە دەناڵێنێت،( قەرە چەتانی 2005 ، 381 ،382 ) ،واتا مرۆڤ دەکەوێتە نێوان دوو هێز یەکێکیان ئێستا بە ئازارە بەڵام داهاتووی گرنگ و بەسوودە و دووەمیشیان ئێستا خۆشە بەڵام لە دواییدا دەبێتە مایەی ئازار،بۆ نمونە( قوتابیەک بەیانی تاقیکردنەوەی هەبێت، بەڵام لە هەمان کاتدا فلیمێک یان یاری تۆپی پێ نمایش بکرێت لە تەلەفزیۆن و ئەویش حەز بە سەیرکردنی بکات. "(عزیز،2014، 268 )

## بەشی دووەم:

## تەوەری یەکەم:کورتەیەک لە ناساندنی ڕۆمانی (کۆشکی باڵندە غەمگینەکان):-

ئەم ڕۆمانە ساڵی 2009لەلایەن ناوەندی ڕەهەندەوە بڵاوکرایەوەو چەمک وئاریشەکانی عەشق،جەنگ،سیاسەت وگەشتکردن و کاریگەریان لەسەر مرۆڤ تاوتوێدەکات،ئەم ڕۆمانە لە ڕێگای چوار کارەکتەری سەرەکیەوە،کە پێکهاتوون لە سێ کوڕی عاشق و کیژەدڵخوازەکەیان،باس لە شەڕی ناوخۆی دوا دەیەی سەدەی ڕابردووی باشووری کوردستان دەکات بەشێوەیەکی گشتی مێژووی ساڵانی(1985بۆ2008)دەگێڕێتەوە،ڕۆڵی عەشق و گەشتکردن لە گۆڕینی مرۆڤ وهەڵگێڕانەوەی ئەنگێزەی توندوتیژی و شەڕخوازیی ناخی بۆ کەسێکی ئاشتیخوازوو

میانڕەو دەخاتە ڕوو،لەم ڕۆمانەدا ململانێی سێ گەنج بە ناوەکانی (کامەرانی سەلما)کە لە چینی عەشایەرو چەقۆ وەشێنە،(خالید ئاموون)لە چینی بازرگان و پیاوانی دەستڕۆشتوو دەوڵەمەندە و سەربە عەشیرەتی ئاموونیەکانە،(مەنسور ئەسرین)لە چینی خوێنەوارو هونەرمەندانە دەبینرێت ، لەسەر داوای کچەکە گەشتێکی(8)ساڵی دەکەن و (100)جۆر باڵندەی بۆ دەهێننەوە لە وڵاتە جیاوازەکان،بەڵام مەنسور ئەسرین دوای گەشتەکەی دەسبەرداری عەشق و ململانێکە دەبێت ،دەبێت بەگەریدە،ململانێکە لە نێوان(کامەران وخالید)دەمێنێتەوە،لەبەر ئەوەی (خالید) ساڵانی گەشت فێری لێبوردەیی و خۆشەویستی نەکرد،بەڵام (کامەرانی سەلما) ساڵانی گەشت کردی بە کەسێکی لێبووردە، بۆیە کچەکە شوو بە(کامەران) دەکات و لەکاتی شەڕی ناوخۆدا زۆردڕندانە لە لایەن ئامونیەکانەوە دەکوژرێت و کۆتای بە چیرۆکەکە دێت،لە 2024/8/19چاپە ئەڵمانیەکەی ئەم ڕۆمانە کەوتۆتە بەردەستی خوێنەرانی ئەڵمان،هەروەها چەندینجار چاپکراوە بە کوردی.

## تەوەری دووەم:ململانێی دەروونی(ناوەکی)ژیان،جەنگ،مردن،لە ڕۆمانی (کۆشکی باڵندەغەمگینەکان)ی بەختیار عەلیدا:-

ململانێی دەروونی لە ڕۆمانی کۆشکی باڵندە غەمگینەکاندا زیاتر پەیوەستکراوە بە کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەوە،کە ئەویش (سەوسەن گوڵدانچی)یە،سەوسەن دەنگی هەموو مرۆڤەکانی کوردستانە ،کە ناتوانن باری خراپی کۆمەڵگاکەیان قبوڵبکەن،زوڵمکردن قبوڵبکەن...هتد،هەروەکو بەختیار عەلی لە گفتوگۆی کتێبی هێماکانی ڕۆماندا کە نەبەز گۆران سازیکردووە،دەڵێت:"مرۆڤ لە ژێر فشاری ئەوسیستەمە کۆمەڵایەتی و سیاسیەی ئەمرۆ لە خۆرهەڵات و بگرە لە دونیادا باڵادەستە ئامادەدەکرێت تاببێت بە درندە،لەم جەنگەدا هیچ هێزیک نیە کۆمەکی مرۆڤ بکات ،جگە لە توانای ناوەوەی خۆی ،جگە لە پشت بەستنی بەو مرۆڤە قووڵ و خەفەکراو کوژراوەی لە ناخیدا بێدەنگکراوە،بەشی هەرە زۆری کولتوری سیاسی و کۆمەڵایەتی و دینی پێمان دەڵێت ئەوەی چەپێنراوە بەشە خراپەکارو شەیتانیەکەمانە،ئەوەی لە سەرەوەیە و لەگەڵ یاساو دەسەڵات و ڕێساکاندا دەڕوات بەشی ئاسایی و قەبولکراوەکەیە،بەڵام بەختیار عەلی دەڵێت:ڕۆمانی کەشتی فریشتەکان تا ئەندازەیەک پێچەوانەکردنەوەی ئەو تێڕوانینەیە"(گۆران،2024، 47)

واتـا لێرەدا مەبەسـتی بەختیـار عەلـی ئەوەیە مـرۆڤ بە هـۆی سیسـتەمی خراپـی سیاسـی و کۆمەڵایەتی و ململانێیەکانەوە وەکو درندەی لێهاتووە،شـەڕانگێزبووە،بۆ ئەوەی لەو لایەنە شـەڕانگێزییە دەربازبێـت دەبێـت بچێـتە نـاوەوەی خـۆی کە ڕوویەکـی وەکـو فریشـتەی هەیەولایەنە چـاکەکەیە بە پـێچەوانەی ئەو کەلتـورە سیاسـی و کـۆمەڵایەتی و ئـاینییەیی کە دەڵـێن مـرۆڤ لایەنە خـراپەکەی لە ناخیـدایە و لایەنـی ئـاسـای و چـاکەکەی لەسـرەوەیە و لە ڕووکەشـدایە،دەچینەوە سـەر کـارەکتەری سەرەکی(سەوسـەن گوڵدانچی)سەوسەن کچێکە کەسێتییەکی تایبەتی هەیە لەناو خێزانێکی خوێنەوار و ڕۆشنبیر گەورە دەبێت،بەڵام هەرلەسەرەتاوە شـەڕ وململانـێ نـاوخۆیی و دەرەکـی و ئازارەکـان کاریگەرییان لەسەر دەروونی دەبێت،بۆیە کاتێک منداڵ دەبێت لەگەڵ بـاوک و خوشکەکەی و براکەیدا لە بەغدا ژیاون،بەڵام بەهـۆی دەسـتپێکردنی شـەڕی ئێران_عێراقەوە،دێنەوە بـۆ کوردسـتان،بۆ ئەوەی لە دەسـت جەنـگ ڕزگاریانبێـت،بەر لە هاتنەوەیـان (نـزاری بـرای و هاوسـەری یەکەم)ی پرۆشـەی خوشـکی دەکوژرێن لە شـەڕی ئێران_عێراقدا،بۆیە هەرزوو کاریگەرییەکـانی جەنـگ و بـارووت و دوکەڵ و مـردن،لە دەروونـی (سەوسـەن)دا دەردەکەوێـت، ئەمە وادەکـات لە کۆمەڵگـاو جیهـانی دەرەوەی مـاڵەی خـۆی یاخیـدەبێت و تەنهـایی هەڵـدەبژێرێت،زۆربەی کاتەکـانی لە کتێبخـانەکەی باوکیـدا دەبـاتە سـەر،حەزی (سەوسـەن) بـۆ فێربـووونی زانیـاری نیە،بەڵکـو بـۆ ناسـینی گەورەیـی دونیـاو گەڕان و گەشـتکردنە بە وڵاتانـدا واتـا کـرانەوەیە بەڕووی جیهانـدا غەمـی سەوسـەن غەمـی کـوردە غەمی تاکەکانی کوردە،غەمێکە بۆ داهاتوو و دەرچوون لەو چەقبەستووییەی کە کۆمەڵگای کوردی تێی کەوتووە،دورکەوتنەوەیە لەم وڵاتە کە تەنها فێری شـەڕو کوشـتار دەبێت،تەنها شتێک دەیبینین مردنە،بەڵام بە هـۆی ئەوەی (سەوسـەن گوڵدانچی) کچەو ڕەگەزی مێیە،لە نەریتی کۆمەڵگای کوردیدا ئاسان نەبووە کچێک بە تەنها وڵات جێبهێڵێت و لە خێزانەکەی دوور بکەوێتەوە،لەبەرپاراسـتنی ئـابڕووی خێـزان و بـاوک و بـرا ناچـارە سـەرەڕای ئەو حەزکردنە بە دونیابینی و کۆچکردن و دەرەوە ناچار کۆچ ناکات،بەڵام ئەمە دەبێتە هـۆی ئەوەی وەکـو کەسـێکی ئـاسـای لەم وڵاتە و شـارەدا ناتوانێـت بژێـت،بۆیە (سەوسـەن گوڵـدانچی) لە بەرامـبەر ئەو حەزەیـدا جیهـانی نـاو کتێبخـانەکەی بـاوکی دەدۆزێـتەوە،کە چەنـدین سـاڵ خـۆی لە نـاو ئەتڵەسـی گەورە گەورەو کتێـب و ئەنسـکلۆپیدیای گەورە دەربـارەی گەشـت و دەریـاو زەریـاو وڵاتە جیاوازەکـان خەریکـرد و جیهـان و گـەورەیـی

دونیای لە ناو کتێبەکاندا دۆزییەوە،بە جۆرێک لە ناویدا نقومدەبوو ، کە تەنها (سەوسەن گوڵدانچی) دەیتوانی هەست بە وێنەکان بکات،بەڵام ئەوەی جێگای سەرسورمانە ،کتێبەکان(بۆن ودەنگیان)نیە،بۆیە ئەوبێدەنگیە تووشی حاڵەتی سەختی دەکات و لە گەڵ دەروونی خۆیدا دەکەوێتە ململانێوە لە نێوان خەیاڵکردن بە بوونی بە گەڕاڵ و گەشت و بینینی گەورەیی دونیا و بچووکی ئەم شوێنە کە مەبەستی " عێراق و کوردستانە "،کە تەنها جێگای یەکتر کوشتن و مردن و جەنگە ،دەکەوێتە ململانێوە،بۆیە دەبینین زۆر بە کەمی دەچێتە دەرەوەی ماڵەکەی و کتێبخانەکەی،قسە لەگەڵ کەس ناکات،بە باوەڕی (سەوسەن) مرۆڤەکان لەم شوێنەدا بۆیە خراپە دەکەن یەکتر دەکوژن ،یەکتر بریندار دەکەن،چونکە پەروەردەی شارەکەو شوێنەکە وایکردووە گەورەیی دونیا نەبینن،مرۆڤەکان بە خۆشەویستیەوە سەیری یەکترنەکەن تەنها ڕەق بزانن.

نوسەر لێرەدا لەڕێگای حاڵەتی نەخۆشی دەروونی (سەوسەنەوە) دەیەوێت تێمانگەیەنێت،مرۆڤ مانەوەی لەیەک جێگادا تووشی حاڵەتی دەروونی و شەڕانگێزی دەکات، پێویستە دونیا بە گەورەیی خۆی ببینێت و بگەڕێت هەروەها کەشفبکات و کەلتووری جیاواز ببینێت بۆ ئەوەی فێری ژیانکردن بێت،فێری خۆشەویستی و ڕێزبێت،نەک تەنها دیمەنی خوێنڕشتن و مردن و جەنگ ببینێت،کە بەداخەوە ئەوە واقیعی کۆمەڵگای کوردی بووە لەو سەردەمەدا،کورد لەوەتەی هەیە لە ژێر هەڕەشەی ململانێ جیاوازە ناوخۆیی و دەرەکیەکاندا بووە،(سەوسەن گوڵدانچی)وەکو کارەکتەرێک نوێنەری مرۆڤە تاوەکو لە دەست توندوتیژی و کاولستانی جەنگ و وڵات ڕزگاریبێت،،بەڵام لەبەرئەوەی لە ڕەگەزی مێیە بە ناچاری دەچێتە ناو کتێبخانەو وێنەو باڵندەکان لەوێوە لەڕێگای وێنەو باڵندەکان و کتێبەوە دونیا دەبینێت و پەیوەندی بە جیهانی کوچەو کۆڵانەکانی وڵاتەکەی دەبچڕێت،ئەمە وایلێدەکات تووشی ڕەنگ زەردوویی و سەرئێشەو بێدەنگی بکات،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نمونەی کچێکی زیرەکی کوردە کە جیاواز لە کچانی ئاسایی دەزانێت بۆچی دەژیت،چی دەوێت لە ژیان،بۆ ڕووبە ڕووبوونەوەی حاڵەتی دەروونی خۆی هەوڵدەدات گەنجان و خەڵک بڕۆن وئەم وڵاتە جێبهێڵن و گەشت بکەن ودونیا تاقیبکەنەوە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی حاڵەتی دەروونی(سەوسەن گوڵدانچی)دەچینە ناو دەقی ڕۆمانەکەوە :-

## پەیوەندی سەوسەن و باوکی و سەرەتای ململانێی دەروونی:-

**"كچەکە لە منداڵیەوە کەمخوێنی و لاوازی لە گەڵدابوو...ترسێکی هەمیشەیی لەگەڵدابوو،زمانی قسەکردنی بە کوردی لە زمانی خوشکو براکەی ڕوونترو بێگەردتربوو...لە قسە کردندا بە چپەوە بۆ سەوسەنی دەدرکاند کە ساڵانی داهاتووی ئەم وڵاتە گەلێک خوێناوی دەبن"**(عەلی،2022، 35)

کەواتا باوکی هەر لە منداڵیەوە وێنەیەکی ترسناکی لە مێشکی کچەکەیدا دەچەسپێنێت،ترسێک تەواوی ژیانی داگیرکردووە،ترس لە جەنگ،ترس لە مردن،ترس لە وڵات،باوکی هەمیشە ئاگاداریدەکردەوە کە ساڵانی دواتری وڵات خوێناوی دەبن،واتا شەڕدەبێت،ترسناک دەبێت،ئەمە وا لە (سەوسەن) دەکات هەست بە نائارامی دەروونی بکات و ببێتە کەسێکی نامۆو یاخی لە کۆمەڵگا.

لە شوێنێکی تردا ئەمە زیاتر ڕووندەبێتەوە:

**"گوڵدانچی لەسەر چەندەها کتێب و ئەتڵەسی گەورەگەورە بۆ کچەکەی ڕووندەکردەوە جەنگ چیە؟ترسناکی تۆپەکان کاتێک لێشاوی ئاگریان لێدێتە دەرەوە...شارانی سوتاو،نیگاری گەنجانی بریندار...زەحەمەتە مرۆڤ تێبگات بۆ فیکرەت گوڵدانچی هێندە مەراقی بووە باسی جەنگ بۆ کچێکی نەخۆش و منداڵکاربکات.گوڵدانچی هەر لەسەرەتاوە بە چەشنێک لە چەشنەکان کۆی ترسەکانی ناو ڕۆحی خۆی بۆ سەوسەن گواستەوە،منداڵەکە لەتەمەنێکی ناسک و زووەوە ئەو هەستەی تێدا دروستبوو،کەلە وڵاتێکی سامناک و شوێنێکی ترسناکدا دەژی."**(عەلی،2022، 36)

لێرەدا (فیکرەت گوڵدانچی) لەبەرئەوەی کەسێکی ڕۆشنبیربووە و شارەزای باشی لە مێژووی وڵاتەکەدا هەبووە،بۆیە هەستی بەو مەترسیە کردووە کە داهاتووی وڵاتەکە ترسناک دەبێت بۆیە کۆی ترسە ناوەکیەکانی خۆی بۆ (سەوسەن) دەگوازێتەوە،واتا باوکیشی هەمان دەردی (سەوسەن)ی هەبووە و لە ڕووی دەروونیەوە لە ململانێدا بووە لە بەرامبەر جەنگو مردن و کوشتن،بۆیە (سەوسەن) هەر لە منداڵیەوە ئەوهەستەی لا دروستدەبێت کە کوردستان شوێنێکی ترسناکە،(فیکرەت) وەکو دیارخەرێکی مێژووی جەنگ و کوشتن و بارودۆخی کوردستان دەردەکەوێت.بۆیە دەبینین شوێن بەشێوەیەکی پتەو مرۆڤ پەیوەستدەکات بە ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو،لەم ڕوانگەیەشەوە شوێن دەبێتە

ژیانی گشتی مرۆڤ و سەرچاوەی خوێندنەوەی زۆرێک لە ڕووداوەکان.(محمد وعلی،2021، 431).

(سەوسەن گوڵدانچی) بۆ ڕووبە ڕووبوونەوەی ئەوحاڵەتە دەروونییەی و ترس و دڵەڕاوکێیە دەگەڕێتەوە ناو کتێبەکان،هەروەکو گێڕەرەوە دەڵێت: "**بەرلەچەند مانگێک لە بۆردوومانی فڕۆکە جەنگیەکانی ئێران بۆ بەغداد کچەکە تووشی ئەو دەردە دەبێت بەردەوام سەیری کتێبەکانی جەنگ و وێنەی سەربازی کوژراوی ناو ساڵنامەکانی شەڕی جیهانی بکات...سەوسەن تووشی غەمۆکی و نینۆک خواردن و بورانەوەی بێهودە و کەمخەوییەکی بەردەوام دەکەن،لەو دەمەی فێری ئەوە دەبێت کە سەیری وێنەکان بکات و بە ڕۆح بچێتە ناو دیمەنەکانەوە...دەتوانێت لەگەڵ نیگای هەموو وێنەیەکدا قووڵ تێکەڵ بێت و بڕواتە ناو جیهانە داخراوەکەیەوە .سەیری دیمەنەکانی جەنگ دەکات و لەناویدا وندەبێت،بەڵام ئەوەی ئازاری دەدات ئەوەیە کە نە دەنگی ناو وێنەکان دەبیستێت و نەبۆنی ناو وێنەکان...دواتر ئەو خولیایەی بۆنی مردووی ناو وێنەکان بکات لە ناویدا دەبێتە ئارەزوویەکی نهێنی ...کاریگەری نیگارەکانی شەڕ لەسەرکچەکە کوشندە دەبن ...باوکی ناچار دەبێت بۆ ئەوەی دیوەکەی تری ژیانیشی پیشان بدات،دەرگای ژووری کتێبخانەکەی بۆ بکاتەوە تا زیاتر ئەتڵەسە گەورەکانی گوڵ و ماسی و باڵندەکانیش ببینێت...وێنەی بەندەرو شارو سەرزەمینی زۆر دەبینێت کە لە کتێبەکانی باوکیدا خەوتوون.**"( عەلی،2022، 36،37).

(سەوسەن گوڵدانچی) لە ئەنجامی ئەو دیمەنەی باوکی،کە لە ناخیدا دروستیکرد،لە کاتی شەڕی ئێرا-عێراقدا توشی غەمۆکی و نینۆک خواردن و سەرئێشە دەبێت و دەچێتە ناو کتێبەکانی باوکی و لەناو وێنەو دیمەنەکانی جەنگە گەورەکانی دونیادا کە لە کتێبەکاندا هەیە نقوومدەبێت،بە ڕوح دەچێتە ناو وێنەکان و سەیری سروشتی وێنەکانی ناوکتێبەکان دەکات لە ناویدا وندەبێت و ئەگەرچی دەیەوێت ڕووبە ڕووی جەنگ و مردن ببێتەوە لە ڕێگای کتێب و وێنەکانەوە ،بەڵام ئەوەی نیگەرانی دەکات وێنەو کتێبەکان و دەنگ و بۆنیان نیە،وەکو مردوو وان،ئەمەوادەکات کارییەگرییەکانی وێنەکانی شەڕلەسەر (سەوسەن) کوشندەدەبن،بۆیە باوکی دیوەکەی تری کتێبخانەکەی بۆ دەکاتەوە،بەڵام ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە (سەوسەن) تووشی دەردێک دەبێت دەیەوێت بۆنی مردووەکان و دەنگی

جەنگ تاقیبکاتەوە لە واقیعدا، کە لە کتێبەکاندا نیە ،لێرەدا سەوسەن ململانێی دەروونی لە گەڵ واقیع و خەیاڵ و دەروونی خۆیدا دەکات.

کەواتا (سەوسەن) گوڵدانچی کتێبخانەکەی باوکی و دیمەنەکانی جەنگ بە ئاڕاستەی ململانێیەکی دەروونی توندی دەبەن،تەنانەت وایلێدێت زۆربەی کاتەکانی لەوێدا دەباتە سەر،هەروەکو گێڕەرەوەدەڵێت:**"بەشی زۆری شەوانی لە کتێبخانەکەی گوڵدانچیدا دەبردە سەر...لە کتێبەکانەوە فێربوو ڕقی لە جەنگ بێت و پێشی سەرسام بێت،هەر لەودەمەدا خولیای خوێندنەوەی ژیانی گەڕاڵە گەورەکانی کەوتە سەری،...**"(عەلی،2022، 46،47)

(سەوسەن) بە هۆی بە سەربردنی کاتەکانی لە کتێبخانەکەداو خەیاڵکردنی بۆ جیهانیکی ترو ژیانێکی تر بەدەر لەم ژیانەی کۆمەڵگاکەی خۆی هەمیشە دەچووە ناو خەڵک و مرۆڤەکانی ناو کتێبەکانەوە لەوێوە هەموو جیهانی دەبینی،چەندە لە جەنگ دەترسا هێندەش حەزی لێبوو بۆن و دەنگی جەنگ بە ڕاستی تاقیبکاتەوە،ئەمە خۆی ململانێی دەروونی (سەوسەن)ە لەگەڵ دەروونی خۆی، چونکە ئەو واقیعەی کە لیی دورکەوتبووەوە و تەنها زیندانی کتێبەکان بوو دەیویست واقیع و ژیانی دەرەوەی ماڵەکەی تاقیبکاتەوە و ڕووبەڕووی ببێتەوە،دەیویست مرۆڤەکان خۆیان نەخەنە ناو ئازارەکانی جەنگەوە.

(سەوسەن) یەکێکە لەو دەنگانەی دەیەوێت مانای خۆشەویستی پیشانی مرۆڤایەتی بدات،دەیەوێت تێمان بگەیەنێت ڕۆیشتن لە پێناو ئافرەتێکدا هیچ پەیوەندی بە خۆشەویستییەوە نیە بۆ جەنگ،بەڵکو تەنها گەمژەو نەفامەکان وادەکەن،بەڵام (پڕوشە)ی خوشکی کە دەنگێکی ترە زۆر بە سادەیی بیردەکاتەوە سنوری زانیارییەکانی زۆر کەمن،لای ئەو بۆیە مێردەکەی دەڕوات بۆ شەڕ لە پێناو خۆشەویستیدا،جا خۆشەویستی ئافرەت یان نیشتیمان بێت هیچ دڕندەی نیە،سەوسەن ڕووبە ڕووی ئەو کەسانە دەبێتەوە کە جەنگ هەڵدەبژێرن وەکو چارەسەر بۆ کێشەکان،باوەڕی وایە مرۆڤ لەمانای ڕێزو گەورەی دونیا و خۆشەویستی نەگەیشتوون،بۆیە هەمیشە ڕق و شەڕو کوشتن هەیەهەروەکو بە پڕوشە دەڵێت:"**گەر مێردەکەت خۆشدەوێت وای لێبکە نەچێت بۆ شەڕ ئەوەی لە پێناوی ژنێکدا بڕوات بۆ شەڕ لای من گەمژیەکە وەکو ئەوانی تر ...پڕوشە بەدەم فرمێسکەوە بە خوشکەکەی گووت((ئەوەی وا لە نەشئەت دەکات بڕوات بۆ جەنگ دڕندەی نیە،بەڵکو خۆشەویستیە)**"(عەلی2022، 47)

(کارلۆس ڤۆینتس) لە کتێبی هونەری ڕۆماننوسین گفتوگۆی (پاریس ڕیڤیوە) لەگەڵ کارلۆس ڤۆینتسدا دەڵێت:" ئەوەی کەناچاری نوسینم دەکات هەمان ئەو شتەسەرسوڕهێنەرانەی کە هاملێت دەیڵێت:((چیرۆک،خەونێکە لە شەڕو شۆڕ))ڕۆمانی من خەونێکە لە شەڕوشۆڕ،زادەی هاوارێکە کە دەڵێت:((من ناتەوام و دەمەوێ کامڵ بم،دەمەوێت وەک بازنەیەک داخراوبم،دەمەوێت شتێک زیادبکەم))هەر بۆیە بۆ نمونە (ئارتیمۆکروز)ڕۆمانی دەنگەکانە ،پێم وایە ئەدەبیات لە دەنگێکەوە لە دایکدەبێت تۆ دەنگێک دەدۆزیتەوە و دەتەوێت جەستەیەکی کاغەزین بدەیتە ئەو دەنگە ،بەڵام هەمان ئەو دەنگە کە دەبێتە واقیعیەتی ڕۆمان .( ئادەم و ئی.ڕۆس،2023، 33)

کەواتا ( سەوسەن) دەنگێکە جەستەیەکی کاغەزینی هەیە ،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەوسەن یەکێکە لەو کارەکتەرانەی ڕۆماننوس دەیەوێت لە ڕێگایەوە واقیعی کۆمەڵگا بگۆڕێت شتێک زیادبکات و ناتەواوییەک کە کۆمەڵگا هەیەتی چاکبکاتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی ناتوانێت بە تەواوی ئەو کارەبکات تووشی حاڵەتی دەروونی و ململانێ دەبێت و دەکەوێتە شەڕێکی قورس لەگەڵ خۆی و دیمەنە خراپەکانی کۆمەڵگاو مرۆڤ.

## سەوسەن وشارو وڵات هەستنەکردن بە ژیان تیایدا:-

سەوسەن شارو وڵاتەکەی وەکو مردوو دەبینێت پێی وایە ژیانی تیادا نەماوە لە هەموو لایەکەوە جەنگە و خەڵکەکەی بە گیانی یەکتر فێربوونە،پەروەردەی شارەکە و ژینگەکەی مرۆڤی لە مانای ڕاستەقینەی ژیان دوورخستۆتەوە،کاتێک لەگەڵ خێزانەکەی لە جەنگ هەڵدێن لە کاتی شەڕی ئێران_-عێراقدا دێنەوە بۆ کوردستان و شاری سلێمانی، بەڵام بەر لەهاتنەوەیان براکەیان دەکوژرێت و وەکو سەربازێکی عێراقی لەلایەن ئێرانەوە ،ئیتر (سەوسەن) لە دوای هەفتەیەک لە کوردستان ئەو هەستەی لا دروستدەبێت کە ئەم شارە وەکو زیندان وایە و لەبیرچووەتەوە و ژیانکردن تێیدا وەکو ئەوە وایە ژیانت لێدوورخرابێتەوە ،چونکە (سەوسەن) شارەکە و خەڵکەکەی و وڵاتەکەی وەک مردووەکان دەبینێت،نوسەر لێرەدا باسی (کوردستان) دەکات کە شوێنێکە کەس ناوی نازانێت و لە شوێنێکی چەپدا لەبیرچووەتەوە مەبەستی ئەوەیە دەبێت ئێمە ئەم کوردستانە بەدەرەوە بناسێنین،

"**دوای هەفتەیەکە کە هەستیکرد ئەم شارە تاراوگەیەکی گەورەیە،شارێکە لە ناو ڕەشەباو گەرما و تەپوتۆزی خۆیدا نقوومبووە و دوور لە هەموو دونیا لە شوێنێکی چەپەک ولاتەریکدا بیرچووەتەوە،هەر لە هەفتەی یەکەمەوە تێگەیشت،کەتا کۆتایی لەم شارەدا وەک یەکێک دەژی بەرەو دەرەوەی ژیان دوورخرابێتەوە**"(عەلی،2022، 65)

لەشوێنێکی تردا (سەوسەن گوڵدانچی) دوای ئەوەی سێ گەنج لە یەک کاتدا داخوازیدەکەن لە پێناویدا دەکەونە ململانێ لەگەڵ یەک،بۆ دوورخستنەوەی سێ گەنجەکە لە شەڕی براکوژی و یەکتر کوشتن و جەنگەکانی ولات مەرجیان بۆ دادەنێت بۆ ئەوەی یەکێکیان هەڵبژێرێت،پێشنیاری سەفەری دەرەوەیان بۆ دەکات تاوەکو (100)باڵندەی لە کیشوەرە جیاوازەکانی دونیا بۆ بهێنن ئەوجا لە دوای هەشت ساڵ گەرانەوە شوو بە یەکێکیان دەکات،بەڵام لە ئێستادا ئەم گەنجانە تەنها دیمەنی شەڕ و جەنگەکانیان بینیوە لە ولاتدا هەرکامیان هەڵبژێرێت ئەوەی تر بە داخەوە دەکوژێت،کچەکە دەیەوێت گەنجەکان بڕۆن و جوانیەکانی دونیا ببینن،گەورەیی دونیا تاقیبکەنەوە شەڕو کوشتنیان بیربچێتەوە،فێری ڕێزو خۆشەویستی بن،لێرەدا (سەوسەن) ڕووبەڕووی دەروونی خۆی دەبێتەوە و ململانێ لەگەڵ ژیان و مردندا دەکات و دەیەوێت گەنجەکان لە مردن و جەنگەکان دووربخاتەوە هەروەها لەشەڕی شەرەف،براکوژی،شەڕی خۆشەویستی دووربخاتەوە،هەریەک لە (کامەرانی سەلما،خالید ئاموون،مەنسور ئەسرین)ئەو سێ گەنجە بوون داخوازیانکردبوو ئامادەبوون یەکتر بکوژن لەبەر کچەکە بۆ نمونە "**خالید ئاموون گووتی...( من دەتوانم لە پێناوی تۆدا بێڕەحم بم)سەوسەن بە غەمگینیەوە پرسی((بۆ لە پێناوی کچێکی نەخۆشی وەکو مندا ئامادەیت خەڵک بکوژیت...هۆکەی بگەڕێتەوە بۆچی؟هەست ناکەیت پەیوەندی بەوەوە هەیە ژیان لەم شارەدا مرۆڤ دەخنکێنێت.هەست ناکەیت ئەم شارە زۆربچوکە شوێنێکە مرۆڤ لێرەوە چاوی لە دونیا نیە .ئەوەی کە کچێک دەتوانێت کۆمەڵێک پیاو شێت بکات ،پەیوەندی بەشارەکەوە هەیە ،بەم شوێنە بچوکەوە،کەدڵی مرۆڤ دەکوژێت؟))**"(عەلی،2022، 108)

ئامانجی کچەکە شوکردن نیە،بەڵکو ڕەخنە لە ولاتەکەی دەگرێت لەبەر بچووکی شارەکەی و پەروەردەی نادروستی شارەکە خەڵکەکەی چاویان لەگەورەیی دونیانیە ،دونیایان نەبینیوە بۆیە ڕێزو خۆشەویستی و مافی مرۆڤ نازانن،پێویستە لەو ژینگەیە

دەرچـن تێبگەن کە دونیـا زۆرلەوە گەورەتـرە مـرۆڤ بکوژرێـت،ئەو ململانێ دەروونـیەی ناخی کە ناتوانێت بچێتە کوچەو کۆڵان و ژینگە کۆمەڵایەتیەکەی شارەکەی وای لێدەکات لە ڕێگای ناردنی ئەو گەنجانە بۆ دەرەوەو دوورخستنەوەیان لە وڵاتەکە ڕووبەڕووی ناخی ببێتەوە، خۆی تەنها لە ناو کتێب و وێنەکانەوە جیهان دەبینێت ناتوانێت کۆچبکات،لەبەر ئەوەی باوکێکی پیری هەبووە و خۆشی کچ بووە لە پێناو پاراستنی شـەرەفی باوک و بـرا ئەسـتەم بـووە کـۆچ بکـات ئەگەرچـی " شـەرەفی هەرمرۆڤێک بـریتییە لە ئاکاری باشـی ئەومـرۆڤە وەک (ڕاستگۆی،ژیاندۆستی،...هتد)" (عـارف،2025، 642)،بـۆیە دەبێت بە دیلـی کتێبخانەکەی و لەجاران زیاتر دەچێتە ناو کتێبخانەکانەوە وجیهان لە ڕێگای کتێبەکانەوە دەناسێت و باوکی هەست دەکات کچەکەی تووشی ئەو دەردە بووە کە ناتوانێت پەیوەندی بە جیهانی کـوچەو کۆڵانەکـانی شـارەکەی بکـات، لە ململانێیەکـی تونـدی ژیـان و مرنـدا و ژیانی واقیع و خەیاڵدا یە، بڕیاردەدات کتێبخانەکە بفرۆشێت و لەناوییبات.

**"لەدوا چاوپێکەوتنی داواکاران سەوسـەن کشـایەوە بۆ نـاو کتێبخـانەکە،لە جـاران زیاتر چای دەخواردەوە...زۆربەی کات لە کتێبخانەکەدا لەسەر کۆمەڵێک نەخشەی گەورە ئیشـــیدەکرد،دەیەها ئەنســـکلۆپیدیای گەورەو ئەتڵەســـی تـــایبەتی بە جوگرافیـــای هەمووکیشوەرەکانی سەرزەمین لەسەر مێزەکەی کەڵەکە بووبوون...یەکێکی وەکو من تەنها باوکێکی پیر و بەدبەختی هەیە ناتوانێت ببێت بە دونیا دیدە ...لەبری ئەوە دەمەوێت شوو بە پیاوێـک بـکەم کە بـۆنی دونیـای لێـدێت...بەزەیم بەوپیـاوانەدا دێـتەوە کە بە جلـی سەربازییەوە بیانبینم...بچن بۆجەنگ وابزانن ژیاون.مرۆڤ گەر بۆ یەک جاریش بچێت بۆ جەنگ تامردن بۆنی بارووتی لێدێت...کچەکە ناتوانێت پەیوەندی بە دونیاو بکات.کچەکە وەکـو ئەو دیلـی ئەو کتێبخـانە گەورەیە بـووە...فیکرەت ئێسـتا دڵنبـابوو لەسـەر حسـابی وێرانبوونی ئەم کتێبخانە سەوسـەن دەتوانێت ببێتەوە بە مرۆڤێکی ئاسایی"**(عەلی ،2022، 125بۆ131)

## (سەوسەن) پەنادەباتە بەر(ئاریان جەودەت)ی وێنەکێش :

سەوسـەن بۆ ڕزگاربوون لە حاڵەتە دەروونییەکەی خۆی پەنـا دەبـاتە بەر وێنەو هەوڵـدەدات وێنەی نـاو کتێبکەکـان و دیمەنـی جەنگەڵ و وڵاتـان لە نـاو کتێبەکانـدا لەسـەر دیـــواری کتێبخـــانەکەی بکێشـــێت،بۆیە بـــاوکی وێـــنە کێشـــێک بە ناوی(ئاریـــان

جەودەت)دەدۆزێتەوە و دەبێتە میوانی هەمیشەی ماڵی سەوسەن و وێنەی بۆ دەکێشێت بۆنمونە سەرەتا وێنەی پایزێکی زەردو ئاسمانێکی گرژو پایزێکی تورەی بۆ دەکێشێت،کە ئەمە نیشانەی دەروونێکی نائارامە، (بڕوشە)ی خوشکی سەرزەنشتی دەکرد بەوەی پەنابردن بۆ وێنە خۆ خەڵەتاندنە ،(سەوسەن) لەوەڵامدا دەیوت مرۆڤ بۆ ئەوەی لە دەست ئازارەکان دووربکەوێتەوە پێویستە جارجار خۆی بخەڵەتێنێت هەندێکجار لەکاتی خۆخەڵەتاندا لەیەکتر نزیکدەبین.هەروەکو گێڕەرەوە دەڵێت:"**سەوسەن بیری لەوە کردەوە لەسەر یەکێک لە دیوارەکانی کتێبخانەکەی خۆی جارجار نیگارێکی گەورەی سروشتی بۆ گۆشەیەکی دونیا دروستبکات...تالە ڕێگەیەوە پتر لە داخوازەکانی خۆیەوە نزیکبێت...کە پڕوشەی خوشکی ناڕەزایی خۆی دەرخست ،بەو بیانووەی کە ئەو جۆرە نزیکیە هیچ نیە جگە لە خۆخەڵەتاندن سەوسەن بە ئارامی پێیگووت ((هیچ مرۆڤێک لەم دونیایەدا بە ڕاستی لەیەک نزیک نین ...مرۆڤ تەنها لە حاڵەتی خۆ خەڵەتاندن و خۆفریودانددا لە مرۆڤ نزیکە**"(عەلی، 172، 2022)

باوکی دروستکردنی ئەو وێنانەی بە ڕێگایەک بینی بەڵکو ژیانی سەوسەن بگۆڕێت، هەروەکو گێڕەرەوە دەڵێت:"**فیکرەت دروستکردنی ئەو وێنانەی وەکو جۆرە دەستکارییەک بۆ دونیای سەوسەن سەیردەکرد کە دەیویست بگۆڕێت و نەگۆڕا...کوڕێکی گەنجیان دۆزییەوە ناوی ((ئاریان جەودەت)) بوو...یەکەمین نیگارێگ ئاریان جەودەت کێشای وێنەی پایزێکی تورەبوو،تێیدا چەند درەختێکی با دڵڕەقانە بەرەو چەپ وەریگێڕاون،ئاسمانێکی گرژ بەسەر دەریاچەیەکدا دەڕوانێت کە بە گەڵای زەرد داپۆشراوە،ئەو وەرزە ئارەزووی بۆ نیگاری غەمگین و پایزیی لە ترۆپکدابوو،وێنەکە پڕبوو لە باڵندە.** "(عەلی،2022،)

بۆیە کچەکە خۆی ناتوانێت کۆچ بکات،تێکەڵ بە ژینگەی دەرەوەی کتێبخانەکەی ببێت ،یاخییە لە کۆمەڵگاکەی ناچار لە ڕێگەی وێنە و کتێب و خەونەوە هەست بە ژیان دەکات.

## سەوسەن ململانێ لەگەڵ دەروونی خۆی دەکات و ڕووبەڕووی ژیان و واقیع دەبێتەوە و بۆنی مردوەکان و دەنگی جەنگەکان تاقیدەکاتەوە:-

"**سالی 1991...ڕاپەڕین هەموو وڵاتی گرتەوە سەوسەن یەکێک بوو لە کچانەی لە ڕاپەڕیندا بەشداریکرد...شەڕی ڕاستەقینە لە چواردەوری بینای گەورەی ئاسایش دەستی**

**پێکـرد،ئەو شـوێنە وەکـو قەڵای گەورەی بەعسـیەکان تەماشـادەکرا...قەڵەندەر ئـاموون لەوانەبوو کە لە دەرگای پشتەوە خۆیان بەقەڵای بەعسیەکاندا کرد...سەوسەن لە ڕیزی پێشـەوەی تەماشـاکەراندا بوو،..بـۆنی هەمـوو دیمـنەکە دەکات...تەنیـا گوێـدەگرێت و بۆندەکات.شـەو درەنـگ زانیمـان سەوسـەن خـان دیـار نیە...قەڵەنـدە ئـاموون پـاڵەوانی ڕاسـتەقینەی ئەو شـەوەبوو...لە سـەعات یەکـی شـەودا دوای ئەوەی هەمـوو لە گەڕان ماندووبوون،قەڵەندەر ...گەڕایەوە بۆ بینا سووتاوەکەی بنکەی ئاسایش،کە بۆنی خوێن و مردن لە هەموو کەلێنێکی دەهات،...لەیەکێک لە ژوورەکانـدا لە ناوەڕاسـتی دەیـان لاشەی سووتاودا سەوسەنی بەڕاکشاوی دۆزییەوە...وەکو مردووەکان کەوتبوو...قەڵەندەر ...گووتی((خـوای گەورە ،سەوسـەن خـان ...هەمووشـار بەدوای تۆدا دەگەڕێت ...تۆ چـی دەکەیـت لێرەدا...))ئەو...گـووتی ((گـوێ لە مردووەکـان دەگرم...بـۆنی مردووەکـان دەکەم...)قەڵەنـدەر ...گـووتی ((هەسـت بە چـی دەکەیت))سەوسـەن...گووتی ((بە هـیچ قەڵەنـدەرئاغا...بۆنیان وەکـو بـۆنی خەڵکـی ئەم شـارە وایە،وەکـو بـۆنی مـن وتـۆ وایە)).**"(عەلی،2022، 211، 214بۆ222)

واتـا لەگەڵ سـەرهەڵدانی ڕاپەڕیـن سەوسـەن وەکـو کچێکـی کـورد لە دونیـای کتێبخانەکەی و وێنەکانەوە دێتە سەر شەقام و کوچەکانی شارەکەی،بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بە ڕاستی هەست بەدەنگی جەنگ و تۆپ و بۆنی مردووەکان بکات،لە کاتێکدا چەندین ساڵە لەململانێیەکـی دەروونییـدایە لە گەڵ ئە و هەسـتەی خـۆی لە نێـوان واقیـع و ڕاکـردن لە واقیعـدا شـەڕدەکات،بۆیە کاتێـک ئاسایشـی سـلێمانی کە ئەوکـاتە شـوێنێکی ترسـناکی بەعسـیەکان بـووە،کە تیایـدا چەنـدین جەلادو پیـاوی بەعسـی تێـدابوو بە خراپتـرین شـێوە ئـازاری کوردیـان دەدا،بەڵام شۆڕشـگێڕانی ڕاپەڕیـن بینـاکە دەگـرن وهەمـوو سـەربازوو بەعسیەکان دەکوژن و بیناکە دەسوتێنن،بە جۆرێک چەندەها لاشە لەسـەریەک کەڵەکەبوون کە بەبەرد و چەک و چەقۆ کوژرابوون،(سەوسەن)شـەو دیارنامێنێت و لەدوای گەڕانێکـی زۆر قەڵەنـدەر ئـاموون کە بەرپرسـێکی (پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان)ە ،لە ڕۆمـانەکەدا بەتەنهـا دەگەڕێـتەوە نـاو بینـاکە و لە نـاو لاشـە مردووەکانـدا (سەوسـەن) بە خەوتـووی دەدۆزێتەوە و پرسیاری لێدەکات بۆ لێرە لەم شوێنە ترسناکەی ،سەوسەن دەڵێت: مـن دەمەوێت بۆنی مردووەکان بکەم دەنگەکان تاقیبکەمەوە،بەڵام دەنگو بۆنیان وەک ئەم شارە وایە ،ئەم شـارەش وەک مردووەکـانن،هیچ ژیـانی تیانیە،کەواتـا لێرەدا ئەگەرچـی هەوڵیـدا

پەیوەندی بە دەرەوەی ماڵەکەی بکات بەڵام هەستی بە هیچ نەکرد ،بۆیە دووبارە دەکشێتەوە ناو کتێبخانەو وێنەکان .

**"لەدوای هاتنەوەی لەو سەردابە تاریکەی پڕبوو لەمەیتەکانی ڕاپەڕین،.ئارەزوویەکی نەمابوو وەک جاران گوێ لە هەواڵەکان بگرێت،فیکرەت گوڵدانچی نەخۆشی کچەکەی وەک جۆرە مانگرتنێک دژبە دونیا وەرگرت،بۆنی ژیان ،بۆنی جەنگ ،بۆنی مردن پێکڕا ئارەزووییەکی ئەوتۆیان تیا دروست نەکرد لەسەر ناسینی دونیای ڕاستەقینە بەردەوامبێت "**(عەلی، 2022،224)

واتا هەرچەندە هەوڵیدا پەیوەندی بە دونیای ڕاستەقینەوە بکات،بۆنی جەنگ و مردن نەیانتوانی وایلێبکەن بتوانێت واقیع قبوڵبکات ،واتا کاریگەریەکانی جەنگ لەسەری وایلێکرد دووبارە بکشێتەوە دونیای کتێب و وێنەکان و خەیاڵ.

گێڕەرەوە دەڵێت:"**لەدوای شەوی ناو لاشەکان و نەخۆشیە سەختەکەی ...ئارەزوویەکی نەمابوو بۆن و دەنگی دەرەوە زۆر بچن بەسەریدا**"(عەلی، 2022، 238)

## پەنابردن بۆ ژیانی باڵندەکان و ڕاکردن لە واقیع وشووکردن بە (کامەرانی سەلما) :-

لە دوای فرۆشتنی کتێبەکانی لەلایەن باوکییەوە،کچەکە بە دوای شتێکی تردا دەگەڕێت تاوەکو جێگای کتێبخانەکەی بۆبگرێتەوە ،بۆئەوەی خۆی لە ناویدا بشارێتەوە،ترسی لە ژیانی دەرەوەی ماڵەکەی هەبوو نەیدەتوانی لەگەڵ خەڵکی شارەکەی بژی، بۆیە خەون بە سێ گەنجەکەوە کە گەریدەن دەبینێت بگەڕێنەوە،بۆیە دوای ئەوەی دەگەڕێنەوە هەریەکەیان زیاتر لە(100) باڵندەی بۆ دەهێنن و هەموی دەباتە کۆشکی باڵندەکان و سەرەتا زۆر دڵخۆشن باڵندەکان دەنگیان بەرزە و بەڵام دوای ئەوەی کامەران لەلایەن ئامونییەکانەوە دەکوژرێت،ئامونییەکان عەشرەتێکن لەناو ڕۆمانەکەدا دەچنە پاڵ حیزبی (پارتی) و (خالید ئامون )کە یەکێکە لەداخوازەکانی سەوسەن بەپشتگیری عەشیرەتی ئامون وەک تۆڵەکردنەوە کاتێک (سەوسەن) شوو بە کامەرانی سەلما دەکات و هەندێک لە پیاوانی عەشرەتەکەیان لەلایەن کەسانی نزیک (کامەرانەوە) دەکوژرێن لە کاتی شەڕی ناوخۆدا بۆیە لەبەرامبەردا (کامەرانی سەلما)دەکوژن لە کاتێکدا بێ تاوانە.

**"سەوسەن دەیزانی باوکی دەیەوێت بە لەناوبردنی کتێبخانەکە لەو بێدەنگیە دەریبهێنێت،...ئێستا دوعای دەکرد سێ ڕێبوارەکە زوتربێنەوە ،ژیانی پێویستی بە شتێکی گەورەبوو...جێگای کتێبەکان بگرێتەوە...شتێک ...خۆی لە پشتیەوە بشارێتەوە...فەرهەنگی گەورەی باڵندەکان تاکە کتێبێک بوو کە سوێندی لە باوکی وەرگرت هەرگیز نەیفرۆشێت** "(عەلی،2022، 247،248)

سەرەتا باڵندەکان زۆر دڵخۆشدەب و بەختەوەر دەبن، کە هاتنە شاری ئێمە واتا کوردستان و شاری سلێمانی ،(سەوسەن)یش دەنگی باڵندەکان دەیبەن بۆ شوێنە دوورەکان لە خەڵکی ئەم شارە و هەوای ئەم شارە دووریدەخەنەوە،هەست بە ژیان دەکات.

هەروەکو گێڕەرەوە دەڵێت:"**بە دەنگی باڵندەکاندا دەیزانی ئێستا ئەو جەنگەڵ و گوێ ئاوانە پڕخۆرن یا باران،بە دەنگی ئەوان گەرما و سەرمای لەشی خۆشی دەگۆڕا...بۆیەکەمجار هەستیکرد لە جیهاندا دەژی...باڵندەکان...دڵخۆشبوون**"(عەلی،2022، 289،290)

لە دوای گەشتەکەی سێ گەنجەکە کە (خالید ئاموون) یەکێک بوو لەو سێ کەسەی لە پێناویدا کۆچی کردبوو بۆ هێنانەوەی باڵندە ،بەڵام بە هۆی نەگۆڕانی لایەنە شەڕانگێزی و کەسایەتی هەروەها قوڵبوونەوەی ڕق و کینەی دڵی،بۆیە کاتێک (سەوسەن) پرسیاری لێدەکات ئێستاش ئامادەیە خەڵک بکوژێت لە وەڵامدا خالید دەڵێت بەڵێ ،بۆیە شوو بە (خالید) ناکات و (کامەران) هەڵدەبژێرێت چونکە کامەران کەسایەتی لە چەقۆ وەشێنەوە دەگۆڕێت بۆ کەسێکی لێبوردەو هێمن، بۆیە کاتێک دوای گەڕانەوەیان بۆنیان دەکات هەستدەکات (خالید) بۆنی ئەم شارەی لێدێت، بەڵام (کامەران) بۆنی دونیای لێدێت " **بۆنی خالید ئاموون بۆنی جیهان نەبوو ،بەڵکو بۆنی ئەم شارە بوو،بۆنی مردووەکان بوو.** "(عەلی،2022، 326، 327)

سەوسەن دەڵێت: "**کامەران ئێستا دەستم بەرێ...بۆنیبکەم،...بە مەستی گووتی ئەم بۆنە تۆی ڕزگارکرد...من ئێوەم ناردە ئەمشارە جێبهێڵن،بە لەش و بەدڵ لەم شارە دووربکەونەوە،...زۆر دڵم بە تۆ خۆشە ...تۆ چەند گۆڕاویت.**"(عەلی،2022، 352)

سەوسەن بەبێ ئامادەبوونی باڵندەکان ناتوانێت لەگەڵ کامەران بخەوێت" **سەوسەن بەبێ ئامادەبوونی باڵندەکان ناتوانێت لەگەڵ کامەراندا بخەوێت.** "(عەلی،2022، 361)

## مردنی کامەرانی سەلماو مردنی باڵندەکان و مۆمیاکردنیان:-

جارێکی تر (سەوسەن) دەکەوێتە ململانێ لەگەڵ ژیان ومردندا بەهۆی کوژرانی کامەرانی سەلماوە،لەلایەن ئامونییەکانەوە،ڕوودەکاتە تەنهایی و خۆی لە کۆشکی باڵندەکاندا قەتیس دەکات و چەندین ساڵ نایەتە دەرەوە،کەس نەیدەزانی هەستە ناوەکییەکانی چیە،تاکە شتێک بۆی دەژیا باڵندەکان بوو لە کۆشکدا، بەڵام ئەوانیش یەک یەک دەمرن و دەنگیان کز دەبێت و (کەمال یەڵدا) کە وەکو مۆمیاکەرێکی باڵندەیە باڵندەمردووەکان مۆمیا دەکات و دەیهێنێتەوە بۆ کۆشک و بە جۆرێک کۆشک پڕدەبێت لە باڵندەی مۆمیاکراو،باڵندەکانیش وەک مرۆڤەکان ڕووداوەکان دڵتەنگیان دەکات وبێدەنگیان دەکات.

**" هەموو ڕۆژانی پرسەکە هوزاری لە باوەشدا بوو بە هێمنی سەیری تەعزێکەرانی دەکرد،پێدەچوو دوورو نزیک پەیوەندییەکی ڕاستەقینەی بەو دونیایەوە نەبێت ،کە ئەوانی دی تیادەژیان...هیچ کەس شتێکی تایبەتی دەربارەی هەستە ناوەکی و قووڵەکانی سەبارەت بە مردنی کامران لێ نەبیست...تاکە شتێک بۆی دەژیا باڵندەکان بوو "** .(عەلی ،2022،)

**" لەساڵانی داهاتوودا کەمال یەڵداش وەک ئاریان دەبێتە میوانێکی بەردەوامی ماڵی گوڵدانچی،لە پایزی ئەوساڵەدا باڵندەکان هێدی هێدی و یەکە یەکە دەکەونە سەر مردن.کەمال یەڵدا...بەدەستی خۆی باڵندە مردووەکان دەبات و بە مۆمیاکراوی دەیانهێنێتەوە."**(عەلی ،2022، 405،406)

کەواتا مردنی کامەرانی سەلما و باڵندەکان وایلێدەکەن چیتر پەیوەندی بە جیهانی دەرەوە دەبچڕێت و لە ناو ململانێی ژیان و مردن و واقیع و خەیاڵ دووچار دەبێت،لە کۆتایی چیرۆکەکەدا (سەوسەن) لە ناوباڵندە مۆمیاکراوەکاندا کۆتای پێدێت.

## ئەنجامەکان:

1-لەم ڕۆمانەدا ململانێی کارەکتەرەکان بە گەڕانەوەی سێ کارەکتەرەکە گۆڕانی بەسەردا دێت ،بە کشانەوەی مەنسور ئەسرین لە لیستی داواکارەکانی سەوسەن فیکرەت ،ململانێکە لە نێوان کامەرانی سەلما و خالید ئاموون توندتر دەبێت،بە کوشتنی کامەرانی سەلما ململانێکانیش کۆتاییان پێدێت.

2-سەوسەن گوڵدانچی نوێنەری ناساندنی پەیامی خۆشەویستی و ڕێزودژە توندوتیژییە.

3-ژینگەی کۆمەڵایەتی وسیاسی و شوێن، کاریگەریان لەسەر دروستبوونی ململانێی دەروونی هەیە.

4-مرۆڤ زۆرجار بۆ ڕاکردن لە واقیع و خۆ خەڵەتاندن پەنادەباتە ناوەوەی خۆی و هەندێکجار ڕووداوەکان،ئازارەکان وا لە مرۆڤ دەکەن تووشی ململانێی دەروونی و یاخیبوون و تەنهایی دەکەن.

5-لەم ڕۆمانەدا ململانێکان دەووری هەیە لەبەرە و پێشچوونی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەو شاکەسی ڕۆمانەکە کە (سەوسەن فیکرەت)ە،ململانێ دەروونییەکان زیاتر لەدەوری ئەو دەسوڕێنەوە .

6-باڵندە لەم ڕۆمانەدا سمبولی کرانەوەو دونیابینیە،هەروەها پیشاندانی گەورەیی دونیایە.

## لیستی سەرچاوەکان:

## کتێبەکان بەکوردی:


1- ئیبراهیم، سەرکەوت عومەر،(2008)،ململانێی کەسیەتییەکان لە ڕۆمانەکانی(حوسێن عارف)دا،نامەی ماستەر،زانکۆی کۆیە.

2- ئادەم،ئەلفرید ماک و ئی.ڕۆس،چارلز،(2023)،هونەری ڕۆماننوسین،گفتوگۆی پاریس ڕیڤیو لەگەڵ کارلۆس فۆینتس دا،چ.چاپ وپەخشی سەردەم،سلێمانی.

3- قەرەچەتانی،کەریم شەریف،(2015)،سایکۆلۆژیای گشتی،چاپی چوارەم،چ.پیرەمێرد،سلێمانی.

4- -قەرەچەتانی،کەریم شەریف،(2005)،سایکۆلۆژیای گشتی،چاپی یەکەم،چ.زانکۆی سەلاحەددین،هەولێر.

5- -عزیز،عیزەدین أحمد عزیز،(2014)،بنەماکانی دەروونزانی گشتی،چ.ڕۆژهەلات،چ.پێنجەم،هەولێر.

6- عەلی،بەختیار،(2022)،کۆشکی باڵندە غەمگینەکان،چاپی شەشەم،چ.ناوەندی ڕەهەند،سلێمانی.

7- -گۆران،نەبەز،(2024)،هێماکانی دونیای ڕۆمان لەمەرگی تاقانەی دووەمەوە تانەفرەتی نەوبەهاران،گفتوگۆ لەگەڵ بەختیار عەلی،چاوپێکەوتن،ناوەندی ڕەهەند.

**<u>کتێبەکان بە عەرەبی:</u>**

8- الخطيب،هيشام والذيادى،احمد محمد،(2001)،الصحه النفسية للطفل،مطبعه/دار الثقافه،طبعة/1/عمان.

9- -كمال،على،(1988)،النفس،إنفعالاتها و امراضها وعلاجها،ج/1/مطبعة/دارالوسط،ط/4/بغداد.

**<u>نامە ئەکادیمیەکان:</u>**

10- رياح،محمد سامى،(2012)،المسؤلية الأجتماعية وعلاقتها باالصراع النفسى وتؤكيد الذات لدي أرامل شهداه حرب الفرقان فى محفظات غذه،قدمت هذه الرساله استكمالا لمطلبات الحصول على درجه الماجستير فى قسم علم النفس يكليه التربيه فى الجامع، الإسلامية بغذه.

10- لغينا،عايشة،(2022)،الصراع النفسى فى القصة"زينوبة"لمحمد الخير حامد(دراسه سيكولوجيه أدبية)،الرسالةمخذمة لكلية الآداب العلوم الإنسانية جامعه الراينري الإسلاميه الحكوميه دار السلام بندا أتشيه كمادة من المواد القررة للحصول على شهاده((s.Hum)،فى اللغة العربية و أدبها.

**<u>گۆڤارەکان:</u>**

12-الهزاع،هند عبدالله،(2020)،الصراع النفسى وعلاقته بالصلابة النفسى لدى طالبات المرحلة الثانوية بدولة الكويت،المجلة العلوم التربوية-كلية التربيه بالغردقة-جامعة جنوب الوادى ،المجلد(3)العدد(1)

13-قلمامى،أ.سناه،(2015)،مقاربة مفهمية ونظرية للصراع،مجله-مقاربات،مجلد03،عدد005،جامعة عنابة.

14-عارف،ئاشتى حسێن،(2025)،گرفتەکانی ژن لە ڕۆمانی (نەفرەتی نەوبەهاران)ی بەختیار عەلی دا.مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية،المجلد(20)العدد الاول.

15 محمد،عزالدين صابر و علی،بێستون عادل،(2021)،(شوێن لە ڕۆمانی جەمشیدخانی مامم کەبا هەمیشە لەگەڵ خۆیدا دەیبرد)،مجلة جامعة کرکوک،للدراسات الإنسانية،المجلد(16)،العدد2، 2021.

**<u>لینگەکان:-</u>**

16 ئالانی،ڕەؤوف مەحەمەد ،2023،پەروەردەو نەهێشتنی فشاری دەروونی،www.awene.com\article?no=201928auther=2726 .

17-ئەحمەد،ئیمان،2023 https:\\،zaniary.com

18فەرهاد حسێن2020 ، ململانێی دەروونی چیە؟هۆکارو جۆرەکانی و چارەسەرکردنیان، https:\\ images.app.goo.gl،سایتی هەمەڕەنگ.

19 ڕۆزێنتاڵ،سۆزان،(2022/7/17)،مارکسیزم و زانستی دەرونزانی،وەرگێڕانی عومەر خەتات، https:\\ kolbar news.com

20 سەعدی،ڕۆژگار،(2019)،ململانێی دەروونی،

parwarda.net@posts،<https:m.face book.com

-